فوئاد حسێن بۆ پزیشکیان: ئاسایشی ناوچەکە بەیەکەوە بەستراوە و دابڕانی ناکرێت



ئەمڕۆ یەکشەممە "فوئاد حسێن "جێگری سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران و وەزیری دەرەوە، لە میانی دیدارێکیدا لەگەڵ "مەسعوود پزیشکیان" سەرۆکی کۆماری ئێران،جەختی کردەوە کە ئاسایشی ناوچەکە بەیەکەوە بەستراوە و لێک دانەبڕاوە.

وەزارەتی دەرەوە لە راگەیەندراوێکدا باویکردەوە : "مەسعوود پزیشکیان"سەرۆک کۆماری ئێران، لە تارانی پایتەخت پێشوازی لە "فوئاد حسێن"جێگری سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران و وەزیری دەرەوە کرد.

لە سەرەتای دیدارەکەدا"فوئاد حسێن " سەاوی "عەبدولەتیف جەمال ڕەشید"سەرۆک کۆماری عێراق و "محەمەد شیاع سودانی"سەرۆکوەزیرانی گەیاندە سەرەکۆماری ئێران.

ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی بەوەشکرد: سەرۆک "مەسعوود پزیشکیان" باسکی لەو بارودۆخە کرد کە کۆماری ئیسلامی ئێران تێیدا تێدەپەڕێت، ئاماژەی بە قووڵی پەیوەندییە برایانە و مێژووییەکانی نێوان عێراق و ئێران کرد، هەروەها جەختی لەسەر گرنگی بەهێزکردنی سەقامگیری لە ناوچەکەدا کردەوە، بەهۆی ئەو کاریگەرییە ئاستوخێیی لەسەر ئاسایش و گەشەپێدانی ناوچەکە هەیەتی.

بەگوتەی ڕاگەیەندراوەکە : لای خۆیەوە"فوئاد حسێن" جەختی کردەوە کە ئاسایشی ناوچەکە بەیەکەوە بەستراوە و دابڕانی ناکرێت،هەروەک جەختیشی لەسەر پێویستی کاری هاوبەش کردەوە بۆ ڕەخساندنی

ژینگەیەکی سەقامگیر کە بەشدار بێت لە بەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام بۆ گەلانی ناوچەکە، هەروەها پەرەسەندنەکانی پرسی سیاسی ئێستای عێراقی خستووە، بەتایبەتی نزیکبوونەوە لە تەواوکردنی شایستە دەستوورییەکان بە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارێکی نوێ و پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ.